IRAQ- KURDISTAN
PARLIAMENT
**Kurdistan-hawler**

پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق
کوردستان ـ هەولێر

No:
Date:

ژمارە :
تاریخ : ٢٠١٤/٨/١٨

٧٩٩
٢٠١٤/٨/١٨

## بەرێز/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

## بابەت/ پرۆژەی بڕیاری بە جینۆساید ناساندنی کارەساتی شەنگال

بەرێزان ئێمە بەژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران کە لەخوارەوە واژۆمان کردووە داوا دەکەین **پرۆژەی بڕیاری بە جینۆساید ناساندنی کارەساتی شەنگال** ) بخرێتە بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی پەرلەمان تا گفتوگۆیان لەسەر بکرێتو پەرلەمان پەسەندی بکات.

هاوپێچ:

لەگەڵ دەقی پرۆژە بڕیارەکە

| ژمارە | ناوی پەرلەمانتار | واژۆ |
|---|---|---|
| -١ | د. شیرکۆ حەمە ئەمین قادر | |
| -٢ | زولفا محمود عبدالله | |
| -٣ | عومەر عینایەت | |
| -٤ | خێرە عوسمان | |
| -٥ | بێستون فایەق | |
| -٦ | پەروا عەلی | |
| -٧ | ئیشا ابراهیم حسین | |
| -٨ | جوان اسماعیل | |
| -٩ | برزۆ مجید عبدالله | |
| -١٠ | ئەیوب عبدالله اسماعیل | |
| -١١ | سۆران عومەر | |
| -١٢ | شکریە سایل [illegible] | |
| -١٣ | فایق مستەفا رەسول | |
| -١٤ | علی حمە صالح | |
| -١٥ | رۆژا محمود | |
| -١٦ | حسن صالح | ١١ |
| -١٧ | | |
| -١٨ | | |

**مادەی یەکەم//**

پەرلەمانی کوردستان بڕیار دەدات ، ئەوەی بەسەر پێکهاتەی ئێزدیدا لە قەزای شەنگال هات ، دوای پەلاماردانیان لە بەرواری ٢٠١٤/٨/٣ ، لە کوشتن و زیندانی کردن و ئابلۆقە دان و دەست درێژی کردن و برسی کردن ، هەموو پێوەرە نێودەوڵەتیەکان دەچێتە خانەی جینۆسایدەوە.

**ماددەی دووەم//**

هەموو ئەو کەسانەی ، لە کارەساتەدا گیانیان لە دەست داوە بە شەهید دادەنرێت .

**ماددەی سێ یەم //**

حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ و هەموو ناوەندە دبلۆماسی و نێودەوڵەتیەکان و نەتەوەیەکگرتووەکان، یەکێتی ئەوروپا و پەرلەمانی ئەوروپا و کۆنگرەی ئیسلامی کۆمکاری عەرەبی ، رێکخراوە نێو دەوڵەتیەکان کار بۆ بە جینۆساید ناساندنی کارەساتەکە بکەن.

**ماددەی چوارەم //**

٨/٣ بە رۆژی کارەساتی جینۆسایدی شەنگال دابنرێت .

**ماددەی پێنجەم //**

جکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدڕاڵ بوژاندنەوەی ئەو ناوچانە لە پێشەوەی کارەکانیان دادەنێت .

**ماددەی شەشەم //**

کار بۆ بە دیکۆمێنتکردنی زیاتری کارەساتەکە بکرێت.

**ماددەی حەوتەم //**

ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێ بە جێ دەکات .

**ماددەی هەشتەم //**

ئەم بریارە لە رۆژی بلاوکردنەوەیەوە لە وەقایعی فەرمیدا کاری پێ دەکرێت .

## <u>هۆیەکانی ئەم بڕیارە</u>

بەهۆی ئەو پەلامارەی بەسەر پێکهاتەی ئێزدیەکان هات کە دەچێتە خانەی جینۆسایدەوە ، بۆ سڕینەوەی ئەو کارەساتەوە و قەربووکردنەوەی ماددی و مەعنەوی ئەوانەی کارەساتەکەیان بەسەر دا هاتووە ، ئەم بڕیارە دەرچوێندرا.